# دادگای تایبەتی عێراق: دادگاییکردنی سەدام و تاوانباران, کۆمەڵێ ڕەخنە و پرسیار

شاخەوان شۆڕش

## بەشی یەکەم

لەسەرەتای مانگی ژوندا بۆ یەکەمجار سەدام و تاوانبارەکانی دیکە لە دادگایەکی عێراقی بەناوی "دادگای تایبەتی عێراقی" دەرکەوتن. دەرکەوتنی تاوانبارانی گەلکوژی (ژەنۆساید) و پاکتاو و بەعەرەبکردن بەشێوەیەکی وانابووت و تێکشکاو, بێگومان ئاسوودەیی و خۆشیەکی تایبەتی خستە دڵی هەموو ئەوانەی کە قوربانی دەستی ئەو تاوانبارانە بوون. گومان لەوەدا نییە کەوا قوربانیەکان بەتامەزرۆوە چاوەڕوانی سزای ڕەوای ئەو تاوانبارانە دەکەن. دیارە وەکو زۆری دیکە منیش پێموایە ڕەواترین سزا سزای کوشتنە بۆ سەدام و تاوانبارانی دیکە. بەڵام با ئێمە سۆزدارانە بۆ بابەتەکە نەچین و با سۆزداری تووشی هەڵە و کوێربوونمان نەکات, با بەچاوێکی بابەتیانە و گونجاو لەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوایەتیمان سەیری ئەم دادگا تایبەتە عێراقیە بکەین و بزانین ئێمە وەکو کورد زیان و قازانجمان لەو جۆرە دادگایی کردنە چییە؟ ڕەوایەتی ئەم دادگایە چییە و بۆ دادگایکردنی ئەو تاوانبارانە نەدرایە دادگایەکی ئەنتەرناسیونال و زیانمان لەمە چییە؟ داوەرەکان کێن و بەپێی چ یاسایێک دادگاییەکە بەڕێوە دەچێت؟ تاوانباران بەچ جۆرێکی تاوان تۆمەتبار کراون؟ بۆ پەلەکردن لەکوشتنی سەدام؟ ئایا کێشەی ئێمە کوشتنی سەدامە و بەکوشتنی ئەو کێشەکەمان چارەسەر دەکرێت؟ ئایا بەکوشتنی سەدام ئاشتبوونەوە ڕوودەدات؟ ئایا هەر سەدام و هەوادارانی تاوانبارن لەوەی بەرامبەر بە کورد کراوە؟ ئایا ئەم جۆرە دادگایە زیانی بۆ چارەسەری دۆزەکەمان چییە؟ ئەم پرسیارانە و پرسیاری دیکەش دیارە هەن.

سەرەتا جێی خۆیتی بزانین ئەو جۆرە دادگا تایبەتیانەی کە بەئەرکی دادگاییکردنی تاوانبارنی دژ بە مرۆڤایەتی هەڵساون و هەبووین و هەن, چۆن بووین و چین. هەروەها ئەو مۆدێلانەی کە هەن کامانەن.

دیارە لە زۆربەی بارو کاتەکاندا لایەنی براوە لە وڵاتێکی دیاریکراودا تاوانبارانی یا ڕکابەرانی خۆی ئەوجا تاوانیان دژی مرۆڤایەتی کردبێ یا نا, لەلایەن دادگای ئەو وڵاتەوە دراونەتە دادگا و سزای توندیان بەسەردا سەپێندراوە. ئەو جۆرە دادگایە, دادگایەکە لایەندارانە سەیری تاوانباران دەکات, واتە ئەوەی دژی لایەنی براوە بووە بە پیاوخراپ و تاوانبار دادەندرێن و لایەنی براوە پرسیاری تاوانبارییان بەرامبەر دانانرێت. بەڵام کاتێ تاوانباران پەیوەندیان بە کێشەیەکی نێونەتەوەییەوە هەیە یا بەشێوەیەک لە شێوەکان لایەنی دەرەکی و نێونەتەوەیی دێنە ناو کێشەکە و بەرژەوەندیان لە چارەنووسی تاوانبارن هەیە, ئەوا دادگای تایبەتی دامەزراوە و لە ڕێگایەوە تاوانباران دادگایی کراون. مەرج نییە دادگاکان لەئاستی پێویستدا بووبن یا لایەنگر نەبووبن و هەمیشە کارەکانیان بێلایەنانە و دەستپاکانە جێبەجێکردبێت. هەر دادگایە و بەشێوەیێ لە شێوەکان تووشی کێشە و لاری بووە. بەڵام دەتوانرێ بگوترێت کەوا بەرەوپێشەوە چوون و باشتربوون ڕوویداوە. ئەو دادگایانەی کە هەبوون و هەن و ناسراون لەوانە:

1. دادگای نۆرمبێرگ 1945[1] کە دادگایەکی ملیتاری نێونەتەوەیی بوو و لەلایەن براوەکانی جەنگی جیهانی دووەمەوە ئەمەریکا, سۆڤیەتی کۆن و بریتانیا دامەزرێندرا و تا ساڵی 1949 درێژەی کێشا. ئەم دادگایە بۆ دادگاییکردنی تاوانبارە نازیەکان دامەزرا. ئەم دادگایە لەلایەن گەلێ کەسەوە بە دادگای براوەکان ناوزەد دەکرێت.

2. دادگای نێونەتەوەیی بۆ تاوانکاریەکانی ڕاوەندا[2] کە شوێنەکەی لە (ئەروشا) ی پایەتەختی تەنزانیایە و لە ساڵی 1995 وە لەکاردایە. ئەو دادگایە لەلایەن ڕێکخراوی یوئێنەوە دامەزراوە و داوەرەکان و کاربەدەستانی دادگاکە خەڵکی سەر بە وڵاتی جیاوازن و لەلایەن یوئێن دیاریکردوون. ئەو دادگایە بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی گەلکوژیەکە و تاوانی دیکەی دژی مرۆڤایەتی ساڵی 1994 لە ڕاوەندا دامەزراوە و تا ئێستا ژمارەیەکی زۆری تاوانباران دراونەتە دادگا و سزادراون, بەڵام هێشتا کاری ئەو دادگایە زۆری ماوە.

---

[1] http://en.wikipedia.org/wiki/Nuremberg_Trials#Creation_of_the_court بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە

[2] http://www.ictr.org بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە

3. دادگای نێونەتەوەیی بۆ تاوانکاریەکانی یوگوسلاڤیا[3], ئەو دادگایەش لەلایەن ڕێکخراوی یوئێنەوە وەکو ئەوەی ڕاوەندا دامەزراوە. شوێنەکەی لە (های) یە لە هۆڵاند و بۆ دادگایکردنی تاوانباران لە تاوانە دژە مرۆڤایەتیەکان لە جەنگی نێوخۆی یوگوسلاڤیا لە ساڵی 1991 و دواتر دامەزراوە. ئەو داگایە لە ساڵی 1993 دا دەستی بەکار کردووە. ئەو دادگایەش وەکو ئەوەی ڕاوەندا توانیوەتی گەلێ تاوانبار سزا بدات و بەردەوامیشە لە کارەکانی.
4. دادگای تایبەتی سیرالیۆن[4], ئەو دادگایە دادگایەکی تێکەڵە لە داوەرانی سیرالیۆن و نێونەتەوەیی و مۆدێلێکی جیایە لەوەی ڕاوەندا و یوگوسلاڤیا. واتە نە تەنها سیرالیۆنیە و نە تەنها سەربە یوئێنە. ئەو دادگایە کە بە بڕیارێکی یوئێن لە ساڵی 2000 دا دامەزرا ڕێکەوتنێک بوو لە نێوان یوئێن و حکومەتی سیرالیۆن. لە ساڵی 2002 دا دەستی بەکار کردووە. ئەو دادگایەش بۆ دادگاییکردنی تاوانباران لە تاوانەکانی دژە مرۆڤایەتی لەکاتی شەڕی ناوخۆی ئەو وڵاتە دامەزراوە.
جگە لەو داداگایانە "دادگای نێونەتەوەیی بۆ تاوانکاری" لەلایەن یوئێنەوە لە ساڵی 1998 دا دامەزراوە[5]. دامەزراندنی ئەو دادگایە بەدیهێنانی خەونی لەمێژینەی 50 ساڵەی یوئێن بوو. ئەم دادگایە بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی جەنگ و دژە مرۆڤایەتی لە هەرکوێیەکی جیهان بێت, دامەزراوە. ئەو وڵاتانەی واژووی ئەم دادگایەیان کردووە, دەبێ پەسندی ئەوە بکەن کە کەسانی سەر بە نەتەوەکەیان دەتوانرێ لەم دادگایە بدرێتە دادگا, ئەوە ئەگەر هاتوو بە تاوانی جەنگ یا تاوانی دژی مرۆڤایەتی تۆمەتبارکران. بەکورتی ئەو مۆدێلانەی کە لەئارادان خۆیان لە سێ جۆر دەدۆزنەوە:

1. دادگای تایبەتی نەتەوەیی, واتە بەپێی یاسای وڵات و بەشداری داوەرانی وڵات. بۆنمونە وەکو ئەوەی ئێراق.
2. دادگای نێونەتەوەیی کە لەلایەن یوئێن و ئەنجومەنی ئاسایش دادەمەزرێت. وەکو ئەوەی یوگوسلاڤیا.
3. دادگای تێکەڵ لە داوەرانی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی وەکو ئەوەی سیرالیۆن.

## دادگای تایبەتی ئێراق: دادگاکە و داوەرەکان لە ئاستی پێویستدا نین

وەکو ئاماژەمان پێدا, دادگاکەی ئێراق کە ناوی دادگای تایبەتی ئێراقی[6] بۆ دانراوە, لەسەر بنچینەی مۆدێلی یەکەم دامەزرێندراوە. وەکو ئاشکرایە دادگای تایبەتی ئێراقی لەلایەن (سی پی ئای) و ئەنجومەنی کاتی حوکمەوە دامەزرا.
سەرتا پێویستە بەچاوی ڕەخنە سەیری دروستبوونی دادگاکە بکەین و پرسیاری ئەوە بکەین ئایا دادگاکە ڕەوایەتی هەیە و لە ئاستی پێویست دایە؟ بەپێویستی دەزانم ئاماژە بە یەکێ لە ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی چاودێرانی مافی مرۆڤی جیهانی بکەم, ئەوان سەبارەت بە کەموکوڕی دادگاکە لە ڕاپۆرتێکدا[7] ئاماژە بۆ هەندێ خاڵ دەکەن, لەوانە, یەکەم: دادگاکە دامەزرا بێ ئەوەی گفتوگۆ و دەمەتەقێ لەسەر تەواویی و تواناداری دادگاکە بکرێت و پرس بە شارەزایانی دەرەوە (مەبەست شارەزایانی سەر بە یوئێن و نائەمەریکایی و نائێراقی) بکرێت. دەبوایە دەمەتەقێ و تاوتوێ سەبارەت بە ڕەوایەتی و تواناداری دادگاکە بکرابایە. دووەم: دادگاکە ڕێگای یاساناس و شارەزایانی ئەنتەرناسیونال لە بەشداری دادگاییکردن نادات. لەجیاتی ئەوە هەموو کێشە و دادگاییکردنەکان لەلایەن داوەری ئێراقیەوە بەڕێوەدەبردرێن. تەنها کاتێک ڕێگای داوەری بێگانە دەدرێت ئەگەر دەسەڵاتدارانی ئێراقی پەسندی ئەوەیان کرد. ڕێگادان بە چاودێر و ڕاوێژکاری بێگانە ناتوانێ جێگای بۆش و چۆلی داوەری بەتوانا و شارەزا و خاوەن ئەزموون بگرێتەوە, واتە ئەوە نابێتە ئەوەی کەوا ئەو داوەرە شارەزایانە خۆیان ڕاستەوخۆ و بەکردەوە بەشداری لە پڕۆسەی دادگاییکردنەکان بکەن. سێیەم: دادگایەک کە دادگایی تاوانەکانی گەلکوژی و دژە مرۆڤایەتی دەکات پێویستە ئەو تواناو شارەزاییەی هەبێت کە بتوانێ بەو ئەرکە هەڵبستێت, گومان لەوەدایە داوەرانی ئێراقی ئەو توانایەیان هەبێت و بتوانن بەتەنیا بەم کارە قورسە هەڵبستن. بەپێی ئەو ڕێکخراوە ڕەنگە یاسای تاوانکاری ئێراقی 1971 بەکار بهێنرێت, کە تیایادا خاڵ و برگە هەن دژ بە ستانداردی نێونەتەوەیین, هەروەها بەپێی ئەو یاسایە دەکرێ هەندێ داگاییکردن لە ژووری داخراودا ئەنجام بدرێن. شایانی باسە ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ پێشنیاری دادگایەکی لە شێوەی دادگا تێکەڵەکەی سیرالیۆن دەکات, واتە داوەری ئێراقی و نێونەتەوەیی هاوکاری یەکتربکەن و لە دادگاییکردنەکان بەیەکەوە بەشدار بن. من دادگای تێکەڵیش بەباش نازانم و پێموایە دادگایەکی

---

[3] http://www.un.org/icty/index.html بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە
[4] http://www.sc-sl.org بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە
[5] http://www.un.org/law/icc/index.html بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە
[6] http://www.cpa-iraq.org/human_rights/Statute.htm بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە
[7] http://www.hrw.org/english/docs/2003/12/19/iraq6770_txt.pdf بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە

نێونەتەوەیی لە شێوەی ئەوەی یوگوسلاڤیا و ڕاوەندا گونجاوترین و لەبارترین دادگا بوو. بەڵام وەکو دیارە, دادگا تایبەتیەکەی ئێراق بەپەلە سەپێندرا و هیچ بوارێک بە تاوتوێکردنی ئەم بابەتە نەدرا.

ئایا ئەو داوەرانە کێن, چۆن و کێ دیاری کردوون؟ وەکو پێشتر گوترا ئەوانە لەلایەن ئەنجومەنی حوکم و ئەمەریکاییەکانەوە دیاری کراون. داوەر سەلیم چەلەپی بەتاوانێک تۆمەتبارکراو لادرا! کەمن پێموانییە سەلیم چەلەبی زۆر لە داوەرەکانی دیکەی ئێراقی باشترە یا داوەرێکی گونجاو بوو. ئێستا کە حکومەتی کاتی ئێراق بوونی هەیە و تاڕادەیەک دەسەڵات لەدەست خۆیاندایە, ئەوان داوەری دادگاییکردنەکان دیار دەکەن. دروست بوونی ئەو حکومەتە و ڕەوایەتیەکەی گەلێ پرسیاری بەرامبەر دادەنرێت, لەلایەکی دیکە هەڵبژاردنی داوەر بۆ داگایەکی ئاوا هەستیار و گرنگ, پێویستە لەلایەن دەسەڵاتێکی هەڵبژێردراوی ڕەواوە ئەنجام بدرێت. سەبارەت بە توانا و شارەزایی داوەرانی ئێراقی, گومانی زۆر لە توانایان دەکرێت و پێموایە بەهیچ جۆرێک ناتوانن خۆیان لەئاستی شارەزایی و بەتوانایی داوەرێکی وەکو یەکێ لە داوەرەکانی دادگای ئەنتەرناسیونالی های بدەن. ئەمە جگە لەوەی کە مەترسی دەکرێ ساویلکە و کەم توانا بن. سەبارەت بە شارەزاییان نەمبیستووە کەسیان هیچ ئەزموونێکیان لە دادگاییکردنی لەو شێوەیە هەبێت. سەبارەت بە پاکی و متمانەبوون بە داوەرەکان, زۆر سەختە بتوانرێ باوەڕ بە داوەری ئێراقی بکرێت و بڕوا بەوە بکرێت کە دەتوانرێ داوەری پاک و خاوەن متمانە لە ئێراقدا هەبێت. داوەرانی ئێراقی لەژێر سایەی ڕژێمی فاشیست و ساختەکاری بەعس پەروەردە بووین و پراکتیزەی کارەکانی خۆیانیان کردووە, لەو ماوەیە دوور و درێژەدا بەئەگەری زۆر کەوتونەتە داوی ساختەکاری و بەرتیلخۆری و کاری نایاسایی دیکە. ناتوانرێ بڕوا بە داوەرێک کە دەرچووی ئەو سەردەم و پەروەردەیەیە بکرێت. ئەگەر داوەرێک لەدەرەوەش بوبێت ناتوانرێ هەروا بەئاسانی متمانەی پێ بکرێت, یەکەم لەبەر هەڵوێستی ڕامیاری ئەو کەسە, دووەم لەبەر نەبوونی زانیاری تەواو و بێلایەن سەبارەت بە توانا و پاکی ئەو کەسە. ئەوەی پەیوەندی بە کوردەوە هەیە (لەخوارەوە و بەشەکانی دواتر زیاتر دێمە سەر کورد و دادگاکە), ئەوا واپێناچێ کورد کاریگەریەکی ئەوتۆی لەسەر دادگاکە هەبووبێت, چ لە دروستکردنی یا هەڵبژاردنی داوەرەکان. چونکە تائێستا هیچ پێشنیارێک لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردەوە سەبارەت بە دروست بوونی دادگاکە و داوەرەکان یا ئەڵتەرناتیڤ و ڕەخنە نەکەوتۆتە بەرچاو. وەکو دەبیندرێ, زۆر واپێدەچێ دادگاکە بە پێی ویستی نەتەوەی عارەبی باڵادەست ڕەوتی وەرگرتووە و دەسەڵاتدارانی کوردیش تەبامەندی خۆیان ڕاگەیاندووە. ئەوە جگە لەوەی سەبارەت بە توانا, شارەزایی و دەستپاکی, ڕەنگە داوەرانی کورد لە عارەبەکان زۆر باشتر نەبن. لەکۆتاییدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بەو سمینارە بکەین کە بۆ تەیارکردنی 30 داوەر و یاساناسی ئێراقی لە (لەندەن) لەلایەن بریتانیا و ئەمەریکا سازکرا[8]. سازکردنی سمینارێکی ئاوا, واتای بوونی ئەو ڕاستیەیە کەوا داوەرە ئێراقیەکان نەشارەزا و بێئەزموونن, ئەوە هەوڵێکە بۆ تێگەیاندنی ئەو ئێراقیانە لە یاسا نێونەتەوەییەکان و چۆنیەتی دادگاکردنێکی ستاندارد. بریتانیا و ئەمەریکا لەوە ئاگادارن کە ئەو ئێراقیانە لەئاستی پێویستدا نین, بۆیە هەوڵ دەدەن ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن. پاشان ئەوانە چۆن دەتوانن لە ماوەی تەنها "یەک هەفتەدا" ببنە شارەزا و پرۆفیشنال, ئەوە زۆر دوورە بێتە دی. ئەوەی جێگای سەرنجپێدانە, ئەوەبوو (کۆفی ئەنان)ی سکرتێری گشتی یوئێن, ڕێگای بە داوەرانی یوئێن نەدا بەشداری لە سمینارێکی ئەوها بکەن. بەئەگەری زۆر لەبەر ئەوەیە کۆفی ئەنان گومانی لە ڕەوایەتی ئەو دادگا ئێراقیە هەیە و ناشیەوێ ڕێکخراوی یوئێن بگلێتە ناو ئەو پرۆسە گومانلێکراوە. هەروەکو کۆفی ئەنان سەبارەت بە دادگا ئێراقیەکە دەڵێ: "پێویستە ئەو دادگایە لە ئاستی ستانداردی نێونەتەوەییدا بێت و لەگەڵ نۆرمە یاسایەکانی نێونەتەوەییدا بگونجێت, یوئێن پشتگیری دادگایەک ناکات کە مەبەستیەتی سدام بداتە دادگایەک کە زۆر واپێدەچێ سزای کوشتنی بدات"[9].

دیارە شارەزایان و یاساناسانی جیهانی ڕەخنەیان لەدادگاکە بەشێوەیەکی سەرەکی ئەوەیە کە دادگاکە لەئاستی ستانداردی نێونەتەوەییدا نییە و لەئاستی نۆرمەکانی دادگایەکی پرۆفیشنالدا نییە.

## دەستێوەردانی دەسەڵات لە دادگاکە

[8] Seminars offered for Iraqis trying Saddam , The Associated Press - By Ed Johnson,22/10/2004

[9] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

**جیاکردنەوە و دابەشکردنی دەسەڵات واتە سێ دەسەڵاتە سەرەکیەکەی وڵات: دادگا، یاسادانان و جێبەجێکردن، بنچینەیەکی گرنگی بوونی کۆمەڵگەی داد و دڵنیایی دادە. ئەو جیاکردنەوە و دابەشکردنەی دەسەڵات لە وڵاتانی ئیسلامی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تائێستا بەتەواوی بوونی نییە. بەم واتایە لەو وڵاتانەدا دادگا ناتوانێ سەربەخۆ و ڕەوایانە بە کاری خۆی و دادگاکردنەکان هەستێ. دادگا هەمیشە و بەشێوەیەک لە شێوەکان لەژێر کۆنترۆڵ و گوشاری دەسەڵاتی فەرمانڕوا دایە و تواناکەی سنووردار کراوە. ئێراق بە باشوری کوردستانیشەوە لەم دیاردە خراپە بێبەش نییە، بە درێژایی مێژووی ئێراق و بەتایبەتی لە سەردەمی بەعسدا، دەسەڵاتی فەرمانڕەوا کۆنترۆڵی دادگای کردووە و بە ئارەزووی خۆی دستی تێوەرداوە. ئێراق وەک وڵاتانی دیکەی ناوچەکە و ئیسلامی خاوەنی ئەو کەلتورە نەگەتیڤەیە و شتێکی جودا نییە لەوانی دیکە. بۆیە ئەگەری دەستتێوەردان و گوشار بۆ سەر دادگا هەیە و دادگا بەئەگەری زۆر ناتوانێ سەربەخۆیی تەواوی خۆی بپارێزێت. جگە لەوەی گومانی زۆر لەوەدا هەیە کە داوەرانی عارەب بتوانن بێلایەنانە و جیا لە هەڵوێستی ڕامیاریان دادگاییکردنەکان بەڕێوە ببەن، ئەوە بەتایبەتی سەبارەت بە هەڵوێستیان بەرامبەر بە کورد و کێشەکەی. دیارە ئاشکرایە ئێراق پڕیەتی لە ململانێ و ناکۆکی و بەرژەوەندی جیاواز و دژبەیەک، هەر گروپ و لایەنە دەیەوێ بەشێوەیەک ڕەوتی دادگاکە بەڕێوە بچێت. ڕەنگە بانگاشە بۆ گونجاوی و پێشکەوتوویی دادگاکانی کوردستان بکرێت، وەکو ئەو شێوەیەی بانگاشە بۆ دیموکراسی لە باشوری کوردستان دەکرێت، بەڵام لای هەر کەسێکی بێلایەن و هوشیار ئاشکرایە کە ئەوە تاڕادەیەکی زۆر دوورە لەڕاستی. دادگاکانی کوردستان لە ژێر کەنترۆڵ و گوشاری هەردوو بەڕێوەبەرایەتیەکەی هەولێر و سلێمانی دان و دەیان پێشێلکردن هەن، دادگا ناوێرێ خۆی لە قەرەیان بدات. بۆیە بوونی داوەرانی کورد یا کاریگەری دەسەڵاتدارانی کورد لە پرۆسەی دادگاییکردنەکەی تاوانبارانی گەلکوژی و دژ بە مرۆڤایەتی، جێگای گەشبینیەکی ئەوتۆ نییە. بۆنمونە لەگەل ئەوەی ئەو جۆرە دادگایە تەواو بەدڵی نەتەوەی باڵادەستی عارەبە و بۆ کورد بە بەپێی زۆر بەڵگە زۆر ناڕەوایە و خراپە، کەچی ئەوان هیچ هەڵوێستیان تائێستا نەبووە و دوان و تێبینیەکانیان ئێراقیانەیە و  وەکو ئەوەی عارەبەکانە.**

**ماویەتی ........**

**دانیمارک 23.10.2004**